# وانەی ٩٥: چاوپێداخشانەوە ٣ موسا: یاسای پارسای خودا

دەرچوون ١–٢٠

ئێستا پلانمان وایە بەردەوام بین لە چاوپێداخشانەوەمان لە پەیامی پێغەمبەران، موژدەی خۆش کەوا پێمان نیشان دەدات چۆن گوناهباران دەتوانن ببن بە ڕاستودرووست بەرامبەر خودا. هێشتا چاو بە تەورات دەخشێنین، ئەو پەرتوکەی خودا لە بیری پێغەمبەر موسای چەسپاند. وەك بینیمان، تەوراتی موسا زۆر بە بەهایە بۆ هەموو ئەو کەسانەی حەز دەکەن ڕاستی بزانن، چونکە ئەو بنەمایەیە کە خودا دایمەزراند تاکو بتوانین لەهەموو شتێك پالپشتی بکەینەوە کە گوێمان لێ دەبێ ئایا لە خوداوەیە یان نا.

لەسەرەتای تەورات، بینیمان چۆن باپیرەگەورەمان ئادەم گوناهی ئەنجام دا. گوناهەکەی بۆ هەموو نەوەکانی بڵاوبووەوە وەك نەخۆشییەکی درم، بووە مایەی مەینەتی و مردن و سزای تاهەتایی، هەر وەك پەروەردگار خودا پێشتر ئاگادرای کردبووەوە. بەڵام سوپاسی خودا دەکەین چونکە نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: لەکوێ گوناه زۆر بوو، نیعمەت زۆر زیاتر بوو. (ڕۆما ٥: ٢٠) بەڵێ، لە هەمان ڕۆژی ئادەم و حەوا گوناهیان کرد، خودا نیعمەتی خۆی ڕایگەیاند کەوا ڕۆژێك ڕزگاری دەرێك دەنێرێتە جیهانەوە بۆ ئەوەی نەوەکانی ئادەم ڕزگار بکات لەو نەفرەتی گوناه هێنای.

لە وانەی چاوپێداخشانەوەمان، بینیمان خودا بانگی ئیبراهیمی کرد و بەڵێنی پێ دا بیکات بە نەتەوەیەکی نوێ کەوا پێغەمبەران و ڕزگاری دەرەکەی لێوە هەڵسێ. بۆیە ئیبراهیم کوڕێکی بوو، ئیسحاق، ئەویش کوڕێکی بوو بەناوی یاقوب، ئەویش دوازدە کوڕی بوو کەوا دوازدە هۆزەکەی ئیسرائیلیان پێك هێنا.

ئێستاش با بەردەوام بین لە چاو خشانەوەکەمان بۆ ئەوەی ببینین چۆن خودا نەوەکانی ئیبراهیم، گەلی ئیسرائیلی بەکار هێنا بۆ ئەوەی مرۆڤایەتی فێر بکەن پەروەردگار خودا چۆنە و گوناهباران چ ڕێگایەك بگرنە بەر بۆ ئەوەی ڕزگاریان بێت لە دادوەری ڕاستودرووستی خودا. وانەی ئەمڕۆمان بەناوی (یاسای پارسای خودا)یە.

لە دیراسەتمان لە تەورات، بینیمان خودا وای کرد گەلی ئیسرائیل ببن بە بەندە لەخاکی میسر بۆ ماوەی چوار سەد ساڵ، وەك ئەوەی بە ئیبراهیمی ڕاگەیاندبوو زۆر لەوە پێش. کاتێ کە کاتی دیاری کراوی خودا هات، موسای بۆ گەلی ئیسرائیل نارد. موسا پیاوێکی ئیسرائیلی بوو کەوا لەناو ماڵی فیرعەون گەورە بووبوو، پاشای خراپەکاری میسر.

خودا موسای بۆلای فیرعەون نارد بۆ ئەوەی پێی بڵێ، (پەروەردگار خودا دەفەرموێ: (واز لە گەلەکەم بێنە با بڕۆن بۆ ئەوەی بمپەرستن!)) بەڵام فیرعەون گاڵتەی پێ کرد و ووتی، (پەروەردگار کێیە؟ هەرگیز نایەڵم گەلی ئیسرائیل بڕوات!) بۆیە، خودا هێز و شکۆمەندی خۆی ناساند بە فیرعەون و میسرییەکان بە نۆ پەتای ترسناك کەوا بەسەر خەڵکی ئەو خاکە هات جگە لەگەلی ئیسرائیل. بەڵام، ئەو نیشانە و موعجیزانەی خودا ئەنجامی دا لەپێش فیرعەون وای نەکرد تۆبە بکات و گوێڕایەڵی ووشەی موسا بێت. خودا بە موسای فەرموو، (پەتایەکی تر بەسەر فیرعەون و میسر دێنم. لەپاش ئەوە، ڕێگاتان پێ دەدات!) لە بیرتانە ئەو پەتایە چی بوو؟ بەڵێ، مردنی نۆبەرە کوڕەکانی هەموو ماڵێك بوو.

بەو شێوەیە بینیمان خودا هەموو نۆبەرەیەکی ماڵی فیرعەون و هەموو ماڵەکانی میسریەکانی کوشت. بەڵام نۆبەرەکانی گەلی ئیسرائیلی ڕزگار کرد، لەبەر خوێنی بەرخەکە کەوا ئەوان لە گوێڕایەڵی فەرمانەکەی خودا بوون و چوارچێوەی دەرگای ماڵەکانیان پێ ساوی. خودا خۆی بەڵێنی دا: (خوێنەکەش بۆتان دەبێت بە نیشانە لەسەر ئەو ماڵانەی ئێوە تێیدان، کاتێک خوێنەکە دەبینم، بەسەرتان تێدەپەڕم، ئیتر لێدانی لەناوچوون ئێوە ناگرێتەوە.) (دەرچوون ١٢: ١٣) بۆیە، لەبەر خوێنی بەرخەکە خودا بەسەر ئەو خانووەکانی ئیسرائیل تێپەڕی و نۆبەرەکانیانی نەکوشت. خودا بەم شێوەیە گەلی ئیسرائیلی ڕزگار کرد لە دەستی فیرعەون.

وەك بینیمان، چیرۆکی ڕۆژی پەسخە مانایەکی قوڵتری هەیە لە ڕزگارکردنی گەلی ئیسرائیل لە دەسەڵاتی فیرعەون. لەبەر ئەوەی نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: **جا ئەم شتانەیان وەک پەند بەسەرهات، بۆ ئاگاداری ئێمەش نووسراوە، کە کۆتایی ڕۆژگار بۆمان هاتووە (١ کۆرنسۆس ١٠: ١١)** چیرۆکی خوێنی بەرخەکە کەوا گەلی ئیسرائیل بە چوارچێوەی دەرگای خانووەکانیان ساوی تاکو خودا تۆبەرەکانیان بهێڵێتەوە و نەمرن و ڕزگاریان بکات لە فیرعەون نیشاندەرە. نیشاندەری ڕێگای ڕزگاربوونە لەلایەن خوداوە دامەزراوە تاکو گوناهباران ڕزگار بکات لە شەیتان، ئەو نەخشەکێشەی کە زۆر خراپترە لە فیرعەون.

ووشەی خودا پێمان نیشان دەدات کە هەموو نەوەکانی ئادەم وەك کۆیلە وان. ڕەنگە هەندێکتان بیر بکەنەوە، (بەڵێ، دەزانین کە کۆیلەی خوداین!) بەڵام ئەو بیرە ناگونجێ لەگەڵ ئەوەی پەروەردگار عیسا ڕایگەیاند لە ئینجیل و فەرمووی، **(ڕاستی ڕاستیتان پێ دەڵێم، هەر کەسێک گوناه بکات کۆیلەی گوناهە.) (یۆحەنا ٨: ٣٤)** لەبەر ئەوەی هەموو نەوەکانی ئادەم کۆیلەی گوناهن، هەروەها کۆیلەی شەیتانن لەبەر ئەوەی شەیتان گەورەی گوناهە. ئەوەی بێ گومانە ئەوەیە هەر کەسێك کۆیلەی شەیتان بێت هیچ

ڕێگایەکی نییە خۆی ڕزگار بکات! ئایا کۆیلەیەك دەتوانێ خۆی ڕزگار بکات؟ ئایا دەتوانێ شتێك بداتە گەورەکەی تاکو ئازادی بکات؟ ڕەنگە ئەوە لەگەڵ گەورەیەکی باش کار بکات، بەڵام لەگەڵ گەورەیەکی وەك شەیتان کار ناکات. وەك فیرعەون، شەیتان هەرگیز ڕێگا نادات کۆیلەکانی ئازاد بن! هەرگیز! ئای چۆن ئێمەی نەوەکانی ئادەم نەفرەت لێ کراوین! کەس هەیە ڕزگارمان بکات لە دەسەڵاتی شەیتان کە کردوومانی بە کۆیلەی خۆی؟ بەڵێ، ستایش بۆ خودا، ڕزگاری دەرێك هەیە! خودا یەکێکی بۆمان ناردووە کە دەتوانێ ڕزگارمان بکات! ئەو کەسە ڕزگاری دەری بەهێز و ڕاستودرووستە، عیسای مەسیح، کەوا لە ئاسمانەوە هات، ئەوەی کە هەموو پێغەمبەرانی خودا گەواهی بۆ دەدەن.

لە تەورات، خوێندمانەوە چۆن خودا بەڵێنی دا سەری شەیتان پان بکاتەوە لە ڕێگای ڕزگاری دەرە پیرۆزەکەوە کەوا لە پاکیزەیەك لەدایك دەبێت. لە زەبوورەکان، خوێندمانەوە پێغەمبەر داود چۆن نووسی کە ئەم ڕزگاری دەرە، ئەوەی خودا پێی دەڵێ کوڕی خۆی، دەخرێتە بەر مردنەوە بە شێوەیەکی سامناك — کەوا ئەشکەنجە دەدرێت و دەست و پێی کون دەکرێت! لە ئینجیل زۆرمان خوێندەوە دەربارەی ئەم ڕزگاری دەرە سەرسوڕهێنەرە. ئەو عیسای کوڕی مەریەمە، ئەوەی ژیانێکی تەواو ژیا و پاشان مرد لەسەر خاچەکە لەپێناو گوناهەکانمان و دووبارە لە گۆڕەوە هەڵسایەوە. بەڵێ، عیسا ئەو کەسەیە کە نووسینەکانی پێغەمبەرانی خودای هێنایە دی کەوا زۆر لەوە پێش دەربارەی ڕزگاری دەری گوناهباران نووسیبویان.

ووشەی خودا بە عیسای مەسیح دەڵێت (بەرخی خودا). وەك ئەو بەرخانەی لە ڕۆژی پەسخە سەردەبڕدرێن — عیسا خوێنی خۆی ڕشت تاکو ڕزگارمان بکات لە دادوەری. نزیکە هەزار و پێنج سەد ساڵ لەپاش ئەوەی خودا گەلی ئیسرائیلی ڕزگار کرد بە خوێنی بەرخێك لە یەکەم پەسخەدا، خودا ڕێگای دا نەوەکانی ئادەم عیسا لە خاچ بدەن، مەسیحی ڕاستودرووست. و لە ڕۆژی جەژنی پەسخە بوو کە لە خاچ درا. بۆیە، وەك چۆن عیسا هێمایەکەی قوربانیەکی ئیبراهیمی هێنایە دی، بە هەمان شێوە، عیسا هێمای بەرخی پەسخەی هێنایە دی. ئەو خەڵکەی لە خاچیان دا لەو ڕۆژە لە نەزانیدا بوون، بەڵام خودا پلانی بۆ قوربانی مەسیح دانابوو پێش ئەوەی جیهان درووست بکات. (تەماشای ئاشکراکردنی عیسای مەسیح ١٣: ٨ و کرداری نێردراوان ٣: ١٧ بکە)

عیسا تەواوترین و دوایەمین قوربانییە بۆ گوناه. خوێنی عیسای مەسیح ئەو سزایە شەرعییەیە کە خودا داوای دەکرد بۆ ئەوەی نەوەکانی ئادەم ڕزگار بکات لە دەسەڵاتی گوناه. بە هەمان شێوە نووسراوە پیرۆزەکان ڕادەگەێنێ: **مەسیحی قوربانی پەسخەمان سەربڕدرا. (١ کۆرنسۆس ٥: ٧)** **واتا، بۆ ئێمە سەربڕدرا.** **چونکە کاتێ هێشتا لاواز بووین، مەسیح لە کاتی دیاریکراودا لە پێناو خوانەناسان مرد. لەبەر ئەوەی بە دەگمەن کەسێک لە پێناوی مرۆڤێکی ڕاستودروست دەمرێت، لەوانەیە لە پێناوی مرۆڤێکی باش کەسێک بوێرێت بمرێت. بەڵام خودا خۆشەویستی خۆی بۆ سەلماندین: هێشتا گوناهبار بووین مەسیح لە پێناوماندا مرد!**

(ڕۆما ٥: ٦–٨)

با چیرۆکی پەسخە بەجیٚ بێڵین و با لە بیرمان بێت چی فێربووین سەبارەت بە یاسای پارسا کەوا خودا بەخشی بە گەلی ئیسرائیل. لە توێژینەوەکەمان لە تەورات بینیمان کە خودا پیرۆزی و شکۆمەندی خۆی بۆ موسا و گەلی ئیسرائیل ئاشکرا کرد لە دەشت و کێودا، دابەزیە سەر چیای سینا لەناو ئاگر و هەورە تریشقە و بروسك. بەو شێوەیە خودا دە ڕاسپاردەکەی خۆی و چەن ڕاسپاردەی تریشی بەخشی بە گەلی ئیسرائیل کەوا پێی دەوترێ (یاسای موسا). خودا فەرمانی پێیان دا و فەرمووی: (دەبێت پەروەردگار خوداتان پڕ بە دڵتان و گیانتان و بیرتان خۆشتان بوێ. نابێت هیچ خودایەکی ترتان هەبێت بەرامبەرم! نابێت بت بۆخۆتان درووست بکەن! نابێت ناوی پەروەردگار خوداتان بۆ کاری خراپە بەکار بێنن! یادی ڕۆژی شەممە بکەن و پیرۆزی بکەن! دەبێت دراوسێیەکەت وەك خۆتان خۆش بوێت: ڕێزی دایك و باوکتان بگرن! نەکوژن! داوێن پیسی مەکەن! مەدزن! بەدرۆ شایەتی مەدەن لە دژی دراوسێیەکەت! چاومەبڕە ماڵی دراوسێیەکەت!) خودا ئەم ووشانەی خستە سەر ئەو ڕاسپاردە پیرۆزانە: (ئەوەی هەموو شەریعەت بپارێزێت و ساتمە لەیەکێکیان بکات، ئەوا لە هەموویدا تاوانبارە!) (یاقوب ٢: ١٠) (هەر کەسێک لە هەموو نووسراوی سپارەکانی تەورات نەچەسپێت بۆ پەیڕەوکردن، نەفرەت لیٚکراوە!) (گەلاتیا ٣: ١٠) ئەمە ئەوەیە کە ئەو یاسا پارسایەی خودا بە موسای بەخشی ڕایدەگەێنیٚ!

ئایا ئەم یاسا پارسایەی خودات پاراستووە کەوا داوای ئەوە دەکات کە بەتەواوی کامڵ بێت لە بیر و ووشە و کردەوە — لە ڕۆژی لەدایك بوونتەوە تا ڕۆژی مردنت؟ هەموو ڕۆژێك و هەموو کاتژمێرێك، شەو و ڕۆژ، دەبێت پەروەردگار خودات پڕ بەدڵ خۆش بوێت، پڕ بە گیانت و پڕ بە بیرت. هەروەها دەبێت دراوسێکەت وەك خۆت خۆش بوێت! ئایا ئەم یاسا پیرۆزەت جیٚ بە جیٚ کردووە؟ من و تۆ دەزانین کە جیٚ بە جیێمان نەکردووە! نووسراوی پیرۆز دەفەرمویٚ: کەس بیٚتاوان نییە، تەنانەت یەکێکیش! (ڕۆما ٣: ١٠) ئەگەر بڵێین گوناهمان نییە، ئەوا خۆمان هەڵدەخەڵەتێنین و ڕاستی لە ئێمەدا نییە. (١ یۆحەنا ١: ٨) کەسمان هەرگیز هەموو شتێکمان جیٚ بەجیٚ نەکردووە کە خودا داوای دەکات، لەبەر ئەوەی هەموومان لە سرووشتێکی گوناهبارەوە لەدایك بووین.

ڕەنگە هەندیٚ کەس بپرسن: ئەگەر کەسمان نەتوانین یاسای موسا جیٚ بە جیٚ بکەین، ئەی بۆچی خودا پێمانی بەخشی؟ ئایا خودا دەیەویٚ هەموومان لەناو بچین؟ نەخێر. خودا خۆشەویستیە، نایەویٚ کەس لەناو بچیٚ! ئەی باشە، بۆچی خودا ڕاسپاردە پیرۆزەکانی بەخشی بەگوناهباران، لەکاتێکدا بەتەواوی دەیزانی کەس ناتوانیٚ بیانپارێزیٚ؟ مەبەست لەو ڕاسپاردانە چیە؟ خودا وەڵامی ئەو پرسیارە داوەتەوە کاتیٚ دەفەرمویٚ: بە کرداری شەریعەت کەس لەلای بیٚتاوان نابێت، بەڵکو گوناە بەهۆی شەریعەت دەناسرێت. (ڕۆما ٣: ٢٠) بەڵام نووسراوەکە هەمووی کردۆتە بەندی گوناە، تاکو ئەو بەڵێنەی بە هۆی باوەڕ دراوە لە عیسای مەسیح، بدرێتە ئەوانەی باوەڕ دەهێنن. (گەلاتیا ٣: ٢٢)

بۆیە بۆمان بە دەردەکەویٚ کە خودا ڕاسپاردە پیرۆزەکانی بەخشی بە گوناهباران، بۆ ئەوەی ناتەواویمان بەرامبەری پشان بدات، و پێویستیمان بۆ عیسای مەسیح نیشان بدات ئەوی لەباتی ئێمە ئەو نەفرەتیەی گوناە هێنای کێشای. لەنێوان مرۆڤدا، پەروەردگار عیسای مەسیح تاکە کەسە کەوا یاسای پیرۆزی پاراست کەوا خودا بە موسای بەخشی. وەك بینیمان، عیسا زۆر جیاواز بوو لە نەوەکانی ئادەم، لەبەر ئەوەی سرووشتی گوناهباری نەبوو. عیسا ووشەی تاهەتایی خودایە کەوا لە ئاسمانەوە هاتە خوارەوە بۆ ئەوەی لە پاکیزەیەك لەدایك بێت. عیسا جەستەیەکی وەك ئێمەی لە خۆگرت، بەڵام سرووشتی خراپەکاری ئێمەی لە خۆنەگرت. لەبەر ئەوە کاتیٚ لەسەر زەوی بوو، دەیتوانیٚ بفەرمویٚ: (وا بیر نەکەنەوە من هاتووم تەورات یان پێغەمبەران پووچەڵ بکەمەوە، نەهاتووم بۆ پووچەڵ کردنەوە، بەڵکو بۆ تەواو کردن.) (مەتا ٥: ١٧) زانیت عیسا چی فەرمووی؟ ئەوە ڕاستییەکی قوڵ و سەرسوڕهێنەرە. عیسا فەرمووی کە هاتۆتە جیهانەوە بۆ تەواو کردنی یاسای پارسا کەوا خودا بە موسای بەخشی! دەزانی ئەوە مانای چیە؟ عیسا شتێکی بۆمان کرد کەوا ئێمەی نەوەکانی ئادەم هەرگیز نەماندەتوانیٚ بۆخۆمانی بکەین! یاسای پارسای خودای جیٚ بە جیٚ کرد، و لەپاش ئەوە، خوێنی خۆی ڕشت لەسەر خاچەکە بۆ ئەوەی ئەو نەفرەتەی یاساکە لە شوێنی ئێمە بچێژیٚ و ڕزگارمان بکات لە دادوەری

ڕاستودرووستی خودا!

عیسا شایەنی ئەوە نەبوو بمرێ لەبەر ئەوەی هەرگیز گوناهی ئەنجام نەدابوو. بەڵام، بۆ ئەوەی پلانی ڕزگاربوونی تەواو بکات کەوا خودا بەڵێنی دابوو لەسەر زاری پێغەمبەرانیەوە، پەروەردگار عیسا و بە ئیرادەی خۆی ژیانی خۆی بەخشی لەپێناوی ئێمە. و لەپاش ئەوەی خوێنی خۆی ڕشت بۆ ئەوەی قەردی گوناهەکانمان بداتەوە، خودا هەڵیساندەوە لە مردن لە ڕۆژی سێیەم دا! بخوێنەوە نووسراوی پیرۆز چی ڕادەگەێنێ سەبارەت بەمە. دەفەرموێ: تاوانبارکردن بۆ ئەوانە نییە کە لە عیسای مەسیحدان!... چونکە ئەوەی لە توانای تەورات نەبوو، لەوەی بە جەستە لاواز بوو، خودا ئەنجامی دا کاتێ سەبارەت بەگوناه کوڕەکەی خۆی لە شێوەی جەستەی گوناهبار نارد، لە جەستەدا گوناهی تاوانبار کرد. (ڕۆما ٨: ١ و ٣)

هیوای خۆت بەچی هەڵواسیوە؟ ئایا پشت بە موژدەی خۆشی خودا دەبەستی دەربارەی ڕزگاری دەری ڕاستودرووست کەوا سزای گوناهەکانی تۆی چێژت؟ یاخود هێشتا پشت بە کردەوە (چاکەکانی) خۆت دەبەستی؟ لەبیرت نەچی ووشەی خودا چی ڕادەگەێنێ کاتێ دەفەرموێ: هەر کەسێک لە هەموو نووسراوی سیپارەکانی تەورات نەچەسپێت بۆ پەیڕەوکردن، نەفرەت لێکراوە!) مەسیح ئێمەی لە نەفرەتی شەریعەت کڕییەوە، بەوەی لە پێناوماندا بووە نەفرەت... تاکو هەر کەسێک باوەڕی پێ بهێنێت لەناو نەچێت، بەڵکو ژیانی تاهەتایی هەبێت!) (گەلاتیا ٣: ١٠، ١٣ و یۆحەنا ٣: ١٦)

لە دیراسەتی داهاتوو چاوخشانەوەکەمان تەواو دەکەین لە نووسراوە پیرۆزەکانی پێغەمبەران و دەبینین چۆن عیسای مەسیح هەموو ئەو شتانەی جێ بە جێ کرد کەوا پێغەمبەران پێشبینیان کرد سەبارەت بەو، و بەو شێوەیە دەرگایەکی ڕزگاربوون و ئاشتی کردەوە بۆ نەوەکانی ئادەم! با خودا توانای بینینی ناوەڕۆکی ئەوەی ئەم دیراسەتمان کرد بداتێ و یارمەتیت بدات ئەم بەڵێنەی ووشەیتان بەبیر بێتەوە: تاوانبارکردن بۆ ئەوانە نییە کە لە عیسای مەسیحدان! (ڕۆما ٨: ١)



## گرنگترینی پرسیارەکانی ئەم وانەیە:

١. خودا بە موسای فەرموو، (پەتایەکی تر بەسەر فیرعەون و میسر دێنم. لەپاش ئەوە، ڕێگاتان پێ دەدات!) لە بیرتانە ئەو پەتایە چی بوو؟
٢. ئایا کۆیلەیەك دەتوانێ خۆی ڕزگار بکات؟
٣. کەس هەیە ڕزگارمان بکات لە دەسەڵاتی شەیتان کەوا کردوومانی بە کۆیلەی خۆی؟
٤. ئایا ئەم یاسا پارسایەی خودات پاراستووە کەوا داوای ئەوە دەکات کە بەتەواوی کامڵ بێت لە بیر و ووشە و کردەوە — لە ڕۆژی لەدایك بوونتەوە تا ڕۆژی مردنت؟
٥. هەروەها دەبێت دراوسێکەت وەك خۆت خۆش بوێت! ئایا ئەم یاسا پیرۆزەت جێ بە جێ کردووە؟
٦. ئایا خودا دەیەوێ هەموومان لەناو بچین؟
٧. بۆچی خودا ڕاسپاردە پیرۆزەکانی بەخشی بەگوناهباران، لەکاتێکدا بەتەواوی دەیزانی کەس ناتوانێ بیانپارێزێ؟ مەبەست لەو ڕاسپاردانە چیە؟
٨. عیسا چی فەرموو؟ دەزانی ئەوە مانای چیە؟
٩. ئایا پشت بە موژدەی خۆشی خودا دەبەستی دەربارەی ڕزگاری دەری ڕاستودرووست کەوا سزای گوناهەکانی تۆی چێژت؟ یاخود هێشتا پشت بە کردەوە (چاکەکانی) خۆت دەبەستی؟

**ڕێگای ڕاست و دروستی:**
**وەرزی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز**
(٢٠١٦)
Old Testament, Sorani (Draft), International Bible Society, 2005, 2009, 2011; Psalms, Biblica, 2013
Kurdish New Testament, International Bible Society, 1998; Biblica, 2011
ئەم خوێندنەوە لە {***The Way of Righteousness*** by Paul Bramson, 1998} بەخەش کراوەتە.
**بەرهەم هێنەر: کۆمەڵەی ڕێگای ڕاستودروستی**
rrd2011@yahoo.com          www.rrdk.org